# دەربەندیخانیەکان لە دەرگای ڕەینەسانسیاندا

تەها ئەمین هەڵەدنی

وا **14** سەدە تێپەڕی بەسەر کلۆمێکی ژەنگهەڵهاتوو، کە کۆلمکراوەو بۆ کەس نەبوو، کە بە چاوێکی ئازادانەوە نیگای تێبگیرێ، هەموو شێوازەکانی بیرکردنەوەشیان لە خەڵک تابوو کردبوو.خەڵکیش بێئاگایانە تەوقێکی لەدەروی خۆی کێشابوو و بەهێڵە هەرە سوورەکەو هەرە مەترسیدارەکە لەگردنی خۆیان ئاڵاندبوو. بە پاڵپشتی دەزگای جەهلوو نەزانین. وا ئەمرۆ دەربەندیخانیەکان ئەو هێڵە سوورەیان بەزاند. تەلیسمەکەیان کردەوەو پەیانبرد بە گەنجینەی گومکراوی مرۆڤایەتی. دەربەندیخانیەکان لە دەرگای بەختیاریاندا، دەربەندیخانیەکان کلیلی دەرگای ڕەینەسانسایان دۆزیەوە. قوتابیانی دەربەندیخان هۆکاری گۆڕانی بەهەشتیان بە دۆزەخ پەیدا کرد. بۆیە ئیتر دەربەندیخانی کەتوونەتە سەرڕێگای بەهەشتی سەرڕووی زەوی.

## ئەی ڕەینەسانیس چۆن پەیدا بوو؟

ڕەنیەسانس واتا: لەدایک بونەوە،نوێژەنکردنەوە کە لە خۆلەمێشی جەستەی**6** میلۆن مرۆڤی شەیدای ئازادی و بەختیار دروست کرا. نوێژەنکردنەوە لەئەنجامی ئازارو ستەمی کڵێساو پاشاکانی ئەورووپا دروست بوو.

ڕەینەسانس جەورو ستەمی کلێسا دروستی کرد،کاتێک پاپەکان دەستیان چوە گیانی مرۆڤ و لە ئەنجامدا **6**میلیۆن مرۆڤیان سووتاند.

ڕەینەسانس پێویستیەکی مێژووی بوو، دەبوو ڕەینەسانس دروستببێ. مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی وای هێناوە ئیمپراترۆریەکان دروست بوون ڕوخاشن، چونکە لە پێناو خەڵکدا نەبوون.

کاتێک محەمەدی کوڕی عەبدوڵا نامەدەنێرێت بۆ پاشا گرێکی هێرکوڵۆس (هەرقل) کە تێیدا حەمەدامەزرێنەری ئیسلام داوای لە هێرکوڵۆس کرد، کە ئیسلام ببێ. هێرکوڵۆس هەردوو تەتەرەکەی حەمەی نارد بۆ شێتخانە.

بەڵام کاتێک (ئیباس) قەشەیەکی کریستیانی بەو کارە دەزانی وخۆی دەگەیەنێتە شێتخانەکەی کە تەتەرەکانی حەمەی تیدایەو پێیان ئەڵێ: من بە تەواوی جیهانی میسر و گرێکلاند ئاشنام و زۆریش تێیاندا ژیاوم. بۆیە شارەزایی باشم هەیە. ئەوە پارە بۆ خەرجی گەڕانەوەتان و بە محەمەدی ئیسلام بڵێن کە بە **20000**چەکدار تەواوی میسرو گرێکلاندیش دەگرێت. چونکە خەڵک هێندە بێزارن لە دەست دەسەڵاتدارانی گرێکی، مەرگیان لا باشترە! هەرواش بوو ،قسەکەی ئیباس ڕاست دەرچوو.

هەروەها کاتێک حەمەی بنیاد نەری ئیسلام نامەی نارد بۆ پاشای ساسانی یەزدگرد ،کە لە نامەکەیدا محەمەد داوایکرد، کە پاشای ساسان ئیسلام بێتە سەر دینی ئیسلام. یەزگرد گاڵتەی پێهاتبوو، بەڵام کاتێک چەکدارەکانی ئیسلام لە**120**هەزار تەنها **52** هەزاریان چەکداریان مایەوە.نزیکەی **58000** سەربازیان لێکوژرا. بەڵام لە ئەنجامی جەووروستەمی پاشاکانی ساسانی لە نزیکەی**2** هەفتەدا ژمارەی ئیسلامەکان بوو بە **11000**چەکدار. واتە سەربازەکانی ئیمپراتۆریرتی ساسانی ڕایان کردو چونە پاڵ لەشکری ئیسلام.

ئازاری خەڵک گەشتبوە سەر ئێسقان، بۆیە خەڵک دەنگی هەر فریاد ڕەسێکیان بیستبایە بە خۆشیەوە دەچوون بە دەنگیانەوە، با نەشایان زانیبا کە سەرئەنجام چی دەبێ!

پاش ڕزگارکردنی کوەیت، سەربازبازانی عێراقی نەک هەر شەڕیان بۆ سەدام نەکرد، بەڵکوو چەکەکانیشیان لا تەوق بوو.

بۆیە ڕەنیەسانس پێویستی دروستی کرد.

بەڵام هیچ ماشێنێک بێ ماتۆڕ ناسورێتەوە، مەبەستە کە بڵێن بۆ لە دەربەندیخانەوە لە دەرگای ڕەینەسانس درا؟

بۆ سلێمانی نەبێ، کە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردوستانی باشوورە، بۆ لە هەڵەبجەوە بەزاندنی هێڵی سوور دەستپێنەکرێ، کە لە کۆنەوە بێشکەی شاعیرانی بلیمەتی کوردوستان بوون؟

شارۆچکەی دەربەندیخان هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە ناوەندێکی ڕۆشنبیری بوە. چونکە لە کۆنەوە دەربەندیخانی تێڵکەڵ بە کلتووری ئەورپیوو ئەمەریکای بوە، هەر لە سەرەتای دروست بوونی بەنداوەکەی دەربەندیخانەوە.

هۆکارێکیکە لە سەرەتای دروست بوونی حزبی شیوعیشەوە شاری دەربەندیخان ناوەندی مل لانێی ڕۆشنگەری بوەو شیوعیەکان دەستێکی باڵان هەبوە لە ووریا کردنەوەی خەڵکی ڕەشوو ڕووت. بۆ نمونە شێخەکان هەمیشە توانیبویان کە

خەڵکە هەژارەکانی ناوچە هەڵبخەڵەتێنن و لە پێناوی کاری تایبەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن. ڕۆژێک یەکێک لەشێخەکان هاوار لە جوتیارێک دەکا کە خێرا بچێت لە ماڵێ خۆیان ئەسپەکەی بۆ زین بکا، جوتیارەکە ئەڵێ: ئەی خۆت بۆ زینی ناکەی! شێخەکە خێرا ئەڵێ: بە مەرقەی غەوسی گەیلانی ئەحەی ئەولقادر لەم ناوەیە(مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی). دەربەندیخان نزیک بە گوندی بانیخێڵانە کە ناوجەرگەی بڵاو بوونەوەی بیری مارکسسیزمە.

جگە لەوەش دەربەندیخان ناوەندی هەڵگیرسانەوەی هەردوو شۆڕش بوە.لەوێوە شەڕ لە گەڵ ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عێراق دەستی پێکردوە. هەردوو جارەکە یەکەم فیشەک لە وێوە ئاراستەی سنگی دوژمن کراوە.

بۆیە دەربەندیخانی وێرایان لە دەرگای ڕەینەسانس بدەن.

ڕەینەسانس تەنها تەوەر نیە، بەڵکوو هاریکاری بیرماندانی ئەوسای ئەوروپا بنیادیانا. تەنها لیۆناردۆ داڤنشی نەبوو کە بە فڵچەکەی دەستی تۆوی خۆشەویستی بچێنێ. دژی بیری کڵێسا کە چاندنی ڕقو کینە بوو.داڤنشی بوو ووتی زانست نەوەی ئەزموونە.

کەرەستەی بینای ڕەینەسانس خۆلەمشی گیانی ژان دیئارکی قارەمان بوو،ئازاری سووتانی ئەو کیژە قارەمانەش بیری بیرماندانی برەوپێدا.

ژاندیئارک کیژێکی گوندی فەڕانسایە، ئەو بێ ئەوەی پەیمانگایەکی سەربازی بخوێنێ، توانی فەڕەنسا ڕزگار بکا لەدەست ئینگلیزەکان و کۆتای بەشەڕی **100**ی خوێناوی فەڕەنساو ئیگلیز بهێنێ.

بلیمەتێکیکەی چەرخی ڕەینەسانس جیۆردانۆ برانۆی ئەستێرەناسە کە دژی بیرو بۆچوونی کڵێسا توێژینەوەی ئەنجامدا لە ڕووی ئەستێرە ناسیەوە، ئەو بوو وتی کە جیهان بێسنوورەو ڕۆژیش ناوەندی جیهان نیە، بەڵکوو جیهان بریتیە لە کۆمەڵە ئەستێرەیەک پێک هاتوە. کە لە ژمارە نایە، ئێستاش توێژینەوەکانی برانۆ جێگەی سەرنجی ئەستێرتەناسانی ئەمڕۆن. کڵێسا برانۆیان سووتاند، بەڵام بۆ هەتا هەتایە جیۆدانۆ برانۆ بە نەمری دەمێنێتەوە.

پێشمەرگەیەکی کەی بنیاد نەری ڕێنەسانس مارتن لۆتەرە، ئەو پێشمەرگەش بەو پەڕی لە خۆبردو قارەمانانە نامەی لێبودنی خوای بە بەرچاوی پاپی دڕندەوە دڕاند. ئە قیروسیای کرد لە ژیانی خۆی، ئەو باوەڕی هێنا کە مەدالیای نەمری لە بەرۆکی کەسێک دەدرێت کە لە پێناو خەڵکدا گیانی ببەخشێ.

مارتن لە هەموو کەس باشتردەیزانی کە پاپەکان **6** میلیۆن مرۆڤیان سووتاندوە. ئەو دەیزانی کە پاپەکان لە گیانلەبەرە دڕندەکان دڕندەترن، بەڵام نفرەتی لە ژیانێک کرد، کاتێک دیتی هەژارن و نەداران قووتی ژیانی خۆیان دەکەنە گیرفانی پاپەوە.

بۆیە فەرمانی سەرشانی هەمووومانە کە بە هەموو توانامان پشتگیری پێشمەرگە دلێرەکانی ڕەینەسانسی دەربەندیخان بکەین.

ئاخر مزگەوت چی بۆکردوین،جگە لەماڵوێرانی و کوێرەوەریو چاندنی تۆوی جەهل ونەفامی ورقوکینە؟

بێترس دەتوانین بڵێین کە ناوچەکەمان لانکەی لەدایک بوونی شارستانی بوە. مێژوو سەلماندویە کە هونەرو زانستوو پیشەسازیش هەر لەوێدا لەدایک بوە. بەڵام بە هاتنی ئیسلام کەوتینە پاش مرۆڤخۆرەکانی ئەفریکاوە. ئیسلام سەرچاوەی زانستوو هونەری ڕوخان، هەرچی پەرتوکێکیان بەردەست کەوت سووتاندیان، تا خەڵکانی بە زانست و هونەر بۆ هەتاهەتایە نامۆ بێ. بەڵگەش وەک گەڵای دارەکانی سەرڕوی گۆی زەویە. سووتاندنی پەڕوتووکخانەی ئەسکەندەرەیە لە میسری قیبتی، سووتاندنی پەڕوتووکخانەکانی کوردوستان، سووتاندنی پەڕتووکخانەی مەداین. عەرەب و ئیسلام هەرگیز ئاشانای پەڕتووک هونەر و زانست نەبون بە ئێستاشەوە. نەک هەر ئاشنای زانستو هونەر نەبوون بەڵکوو بە نەنگوو شەرمەزاریان زاینوە. باوەڕم وایە کە بۆ هەموو تاکێکی کورد پێویستە کە پەڕتووکی (گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام بخوێنێتەوە). کە حەمەی حەمە سەعید وەریگێڕاوە لە فارسیەوە.

لەو پەڕتوکەدا دەریایە بەڵگەمان دەست دەکەوێ، کەهەمووی بەڵگەی مێژووی پۆلیسی نهێنی معاویەیە ،وەک کۆمەڵێک ڕاپۆرت دەربارەی ژنە قژ سوورەکەی(حەمیرا) محەمەد ئایشەی کچی ئەبوو بەکر. لە ڕاستیدا معاویە دەیەوێ زانیاری دەربارەی ئایشە کۆبکاتەوە ،چونکە باوەڕیوابوە کە سەرجەم کێشەکان بە پیلانی ئایشە دروست بوون. بۆیە معاویە سابت بن ئەرتات ڕادەسپێرێ کە لێکۆلینەوە لەسەر ئایشە بکات. بەڵام لەئەنجامی لێکۆلینەوەکاندا پۆلیسە نهێنیەکەی معاویە چاوی بە دەها کەسایەتی جیاواز دەکەوێ، لەوێ کۆمەڵێک بەڵگە دەست دەکەون، کە چۆن پەڕتووک خانەکانی چوار دەوری خۆیان دەسووتێنن، دیسان بەڵگەمان دەست دەکەوێ کە عەرەب و ئیسلام چەند دژی زانست و هونەر بوون.

**http://www.dengekan.com/ktebxana/12kteb-garanawayakBo.pdf**

جگە لەوەش ئەگەر سەرنجێکی نامەکەی ئیبن وەحش بدەین کە بۆ نوێنەری ئیسلامیەکانی دەنووسێ کە ئەڵێ: لە گەڕکی نانسی شاری بەغدادا سێ پەڕتووکی دۆزیوەتەوە، ئەو پێشنیار دەکا بۆ نوێنەری ئیسلام کە ئەو پەڕتوکانە کە بە کوردی نووسراون وەبگڕردرێتە سەرزمانی عەرەبی تاکەڵی لێوەربگیردرێت. کتێبەکان باسی لە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ دەکا، کە عەرەب ئەوکاتە منداڵیان زیندەبەچاڵ دەکرد.

پەڕتووکی دوەم لە دۆزینەوەی ئاو دەدوێ لە شوێنی جۆڵەوانیدا.

سێهەم لە بەخێوکردنی دارودرەخت دەدوێ، کە ئەو کاتە عەرەب دارودرەختیان دەسووتاند، بە ئێستاشەوە، مێژووی وێژەی کوردی سدیق بۆرەکەیی.

دیسان ئەڵێم سەرکەتووبێ لە دەرگادانی ڕەینەسانسی دەربەندیخانیەکان.